# ژیانی شارنشینی کوردانی خۆراسان

## کۆتایی سەدەی ١٩ دەسپێکی سەدەی ٢٠



ئۆلگا ئیڤانۆڤا ژیگالینا

وەرگێڕ: مەنسور سدقی

٢٠١٦

# ژیانی شارنشینی کوردانی خۆراسان

## کۆتایی سەدەی ١٩ دەسپێکی سەدەی ٢٠

ئۆلگا ئیڤانۆڤا ژیگالینا

وەرگێڕ: مەنسور سدقی

٢٠١٦

## تێبینی وەرگێر

دەقی رووسی ئەو بابەتەی دوکتورای مێژوو، ئۆلگا ئیڤانۆڤا ژیگالینا لە پەڕتووکی "خوێندنەوەی لازاریڤ" لاپەڕەکانی ١٥٠ تا ١٥٨ وەرگیراوە کە وەرگێڕ لە ژێرنووسەکاندا هێندێک زانیاری لێ زیاد کردووە.

لە ژیانی ئاکادێمیکی رووسیا نەریتێک بۆتە باو بۆ رێزگرتن لە کەسایەتییە زانستییە پایەبەرزەکانی ئاکادێمیک کە خزمەتی بەرچاوییان بە پێشکەوتنی زانستی لە بوارە جیاوازەکان کردەوە. بەپێی ئەو نەریتە، ساڵانە و یان چەند ساڵ جارێک و بەردەوام، کۆنفرانس و کۆبوونەوەی زانستی بەناوی "خوێندنەوە"ی ئەو زانایانە دەبەسترێ.

"خوێندنەوەی لازاریڤ" لە ٢٦ی مای ساڵی ٢٠١٠ یەکەم کۆنفرانس پاش مەرگی[1] ئەو زانا بەلیمەتەیە بەبۆنەی ٨٠مین ساڵی لەدایکبوونی و بۆ بەرز راگرتنی یاد و رێز

[1] لە ٧ی مارچی ٢٠١٠ کۆچیدووایی کرد. -. وەرگێڕ.

لێنانی کە لە لایەن بەشی کوردناسی و کێشە ناوچەییەکانی سەر بە ناوەندی لێکۆڵینەوە لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی نزیک و نێوەڕاست و هاوکاران و قوتابیانی بەڕیوە چووە و پاشانیش چەند وتارێکی میخاییل لازاریف لەگەڵ ئەو بابەتانەی لەو کۆنفرانسەدا پێشکەش کرابوون وەک بەرهەمی یەکەم "خوێندنەوەی لازاریف"، چاپ و بڵاو کراوەتەوە.

لە سەرەتای سەدەی ٢٠م، ناوچەی سەرسنووری ئێران و رووسیا لە هەرێمی خۆراسان شوێنی ژیانی گەلێک لە خێڵ و هۆزە ئێرانی و تورکمەنەکان بووە. لەوانەش، پرانی دانیشتووانی خانەنشینەکانی بۆجنوورد[2]، قووچان، دەرەگەز و کەلات [کەلاتی نادری] لە کوردەکان پێکهاتبوون. کوردەکانی یەکێتی هۆزی شادلو[3] لە ژیانی ئابووری و سیاسی خانەنشینی بۆجنوورد کە نێوەندەکەی شاری بۆجنوورد بوو، رۆڵێکی گرینگیان هەبۆوە. شاری قووچانیش نێوەندی خانەنشینی قووچان بۆوە. ئەم دوو خانەنشینە لەگەڵ خانەنشینی دەرەگەز، کاردانەوەیەکی بەرچاویان لە پەیوەندییە سەرسنوورییەکانی نێوان ئێران و رووسیا داناوە.

---

[2] خەڵکی ناوچەکە پێی دەڵێن: "بۆژنۆرد". ویکیپێدیا. -. وەرگێر.

[3] هۆزی شادلو لەگەڵ هۆزی چەمشگەزگ بۆ خۆراسان راگوازراون. ئەو هۆزە لەگەڵ هۆزی شەدادی، دوو لە هۆزە سەرکییەکانی هۆزی مەزنی رەوادی بوون کە بەپێی نووسینەکانی "ابن اثیر" شوێنی ژیانیان لە سەدەکانی پێش ئیسلام لە نزیک "دوێن" پایتەختی ئەرمەنستان بووە. ویکیپێدیا.-. وەرگێر.

هۆزەکانی کورد لە سەرەتا، لە ناوچەیەکی بەرفراوانی باکووری ڕۆژهەڵاتی خۆراسان ژیانی کۆچەریان هەبۆوە و لە هێندێک شوێنیش خەریکی ئاژەڵداری و کشتوکاڵ بوون. لە کۆتایی سەدەی ١٩ و سەرەتای سەدەی ٢٠مدا، کوردەکان لە هێندێک گوندی بچووکی داوێنی کوێستانەکان دەژیان کە هەرکام لەم گوندانە خاوەن کوێخای هەڵبژێردراو لە لایەن دانیشتووانی خۆیان بوون. خانووەکانی زۆربەی ئەم گوندانە لە قوڕ سازکرابوون کە بە دیوار و بورجگەلی بەرز لە قوڕ دەوریان گیرابوون. تەنانەت بۆ بەرگریکردن لە دانیشتووانی، لە کێلگە کشتوکاڵییەکان و باخاتیشان بورجیان چێ کردبوو تا لە کاتی هێرشی تاڵانکارەکاندا پەناگای جوتیاران بێت.[4]

پاشان لەم شوێنانە هێندێك هێڵی بەرگریی سەربازیی لێ سازکرا و وردە وردە سیمای شاریان لەخۆ گرت.

کۆچەرانی ناوچەکانی دەوروبەری شارەکان، گۆشت و شیرەمەنی، خوری و ئاژەڵی بارهەڵگریان بۆ شارەکان دابین دەکرد و لە شارەکاندا میوە، گوێز، پەنیر، قاڵی و پێخەو و کەلوپەلی دەستکردی خۆیان دەفرۆشت.

پێ بەپێی گەشەسەندنی بەرهەمە کشتوکاڵییەکانیان، وەرزیرانی کورد سەرەکیترین پێداویستییە خواردەمەنییەکان

---

[4] کۆمەڵە بابەتەکانی سەبارەت بە ئاسیا، بەرگی ٤٠، ساڵی ١٨٨٩، ل. ٧٧، -. نووسەر.

لە پلەی یەکەم گەنمیان نەتەنیا بۆ دانیشتووانی گوندەکان بەڵکوو بۆ شارنشینەکانیش دابین دەکرد. جوتیارانی کورد بەرهەمە کشتوکاڵییەکان و هەروەها بەرهەمە دەستکردەکانی خۆیان لە بازاڕی شارەکاندا دەفرۆشت. ئەوەی لە بازاڕەکاندا دەفرۆشران، تەنیا بەرهەمی گوند بوون. هەروەها بازرگانی کاڵا بە کاڵا رەواجی هەبوو، کوردەکان کاڵاکانی خۆیان بە بەرهەمە پیشەسازییە سەرەتاییەکانی نێوخۆیی و دەرەکی دەگۆڕێوە. سەودای بەرهەمە کشتوکاڵییەکان لە رێگای سەوداکارانی گەڕۆک لە گوندەکاندا بەڕیوە دەچوو کە لە هەنبانەکانیاندا کەلوپەلی پێشەسازی سەرەتاییان لە بەرامبەر گەنم، خوری و هتد. دەگوڕێوە. هەروەها کڕین بە پارەی کاشیش رەواجی هەبۆوە.

لیرەدا کوردەکان نەتەنیا خواردەمەنی دانیشتووانی شارەکانیان دابین دەکرد، بەڵکوو بەهۆی جێگیربوونی وەستاکارانیان لە شاردا، ژمارەی دانیشتوانی شارەکانیشان زیادتر دەکرد.

## بۆجنوورد نێوەندێکی سیاسی بازرگانی

شاری بۆجنوورد وەک نێوەندی خان‌نشینی بۆجنوورد لە سەدەی ١٧ لە لایەن تۆلی خانی دووەم[5] و لە شوێنی گوندی وێرانکراوی چەرمەغان ئاوەدانکراوەتەوە، بەڵام لە ساڵی ١٨٤٩ و لە کاتی راپەڕینی حەسەن خان سالار[6] دیسان بەتەواوی وێران دەبێ.

لە کۆتایی سەدەی ١٩دا ئەم شارە لە مەیدانێک پێکهاتبوو بە قەڵایەک لە نێوەڕاستی کە شوێنی حۆکمداریەتی خان‌نشینی بۆجنووردی لەخۆ دەگرت و پردی پەیوەندیی ئیداریی و سیاسی ئەم خان‌نشینە لەگەڵ تاران بوو. شار

---

[5] تۆلی خانی دووەم یەکێک لە سەردارانی هۆزی شادلو لە ساڵی ١٦٨٩ شاری بۆجنووردی دیسان سازکردووتەوە. ویکیپێدیا. -. وەرگێر.

[6] کوری ئەڵاهیار خانی قاجار (ئاسف ئەلدەولە) حاکمی خۆراسان لە کاتی محەمەد شا و ناسرئەدین شا.
ساڵی ١٩٠٥ ئەڵاهیار خان حاکمی خۆراسان دەبێ. لەم ساڵەدا قاتی و قڕی روو لەو ناوچەیە دەکات و حاکمی خۆراسان بۆ دابینکردنی باجی ساڵانەی جوتیارانی کورد لە قووچان، کچەکانیان بەزۆر دەستێنی و بە تورکمەنەکان دەیانفرۆشێ. بەپێی راپۆرتێکی رۆژنامەی "حبل المتین" (رۆژنامەیەکی بەناوبانگی لایەنگرانی مەشرووتە)، ئاسف ئەلدەولە ٣٠٠ کچ و هەریەکە لەبەرامبەر ١٢ مەن (٣٦ کیلو) گەنم بە تورکمەنەکان دەفرۆشێ. لەو راپۆرتەدا هاتووە کە هێندێک لەو کچانە لەکاتی خەوتن لەگەڵ دایکەکانیان بەدیل گیراون. ئاشکراکردنی ئەو رووداوە بوو بە هۆی پێکهاتنی "کۆمیسیۆنی پێداچوونەوە بە رووداوی فرۆشتنی کچانی قووچانی و بەدیل گرتنی ژنانی هۆزی باشقانلو" لە وەزارەتی دادی ئێران، بەڵام پاش دوو ساڵ لێکۆڵینەوە و دادگایی تاوانباران، ئاسف ئەلدەولە تەنیا بە دانی ٢هەزار تمەن سەزا درا و "سەرداری سۆپاسالار تۆنکابۆنی" بۆ هێنانەوەی دیلەکان رەوانەی ناوچەکە کرا. ویکیپێدیا. بۆ زنیاری زۆرتر پروانە پەڕتووکی: "حکایت دختران قوچان، از یاد رفته‌های انقلاب مشروطیت، انتشارات روشنگران و مطالعات زنان، افسانه نجم‌آبادی" یان: *Women's autobiographies in contemporary Iran* , By Afsaneh Najmabadi, " William Hanaway, Michael Hillman, Farzaneh Milani ; Published by Harvard CMES, 1990" -. وەرگێر.

بە شۆرەیەکی بەرز بەدەوریدا لە ناو کەندێکی قووڵی پڕ لە باخ و دارستان هەڵکەوتبوو. ژمارەی خانووەکانی هەزار تا هەزار و ٥٠٠، و ئاپۆراکەی دەگەیشتە ٩ هەزار کەس بە فارس و تورک و کوردەوە. شار خاوەنی ٣ مزگەوت، ٦ مەدرەسە، ٥ گەرماوەی گشتی، یەک کاروانسەرا، ٢ تەویلەی گشتی بۆ ئەسپ و ٢ بازاڕ بە ٤٠٠ چاوە دوکان بوو.

بەڵام ئیلخان لە دەرەوەی شار چەند خانووی لە خشتی سوور و لە نێو باخ و باخاتێکدا بۆ خۆی و ماڵ و منداڵی ساز کردبوو.

ئاپۆرای شارەکە لە سەرەتای سەدەی ٢٠مدا بەشیوەیەکی بەرچاو رووی لە کەمی دەدا، ئەوەش بەهۆی پێکدادانە چەکدارییە بەردەوامەکانی "یۆمووتەکان"[7] (تورکمەنەکان) بووە کە لە ناوچە سنوورییەکانی ئێران و رووسیادا دەژیان[8]. بۆجنوورد لە ٩٠ کیلومەتری ئەم سنوورە هەڵکەوتووە.

ئەو تاڵانکاری و کوشتار و پرینەی کە لەم سنوورانە دەکرا لە لایەن تاقمە تورکمەنەکانی سەر بە رووسیا و کوردە

---

[7] Yomut یەکێکە لەو هۆزە تورکمەنانەی کە لە سەردەمی چەنگیز و تەیموور ئەو ناوچەیە داگیر دەکەن. هۆزی یۆمووت هەروەها یەکێکە لەو پێنچ هۆزە سەرەکییەی پێکهێنەرەی تورکمەنستان (تەکین، ئەرساری، گۆکڵان، ساریق، یۆمووت). ویکیپێدیا.- وەرگێر.

[8] ئارشیڤی سیاسەتی دەرەوەی ئیمپراتوریای رووسیا، فۆندی ١٩٤، دەفتەری ٥٢٨b ، دۆسیەی ١٥، لاپەڕەی ٥. -. نووسەر.

یاخییەکانی سەر بە ئێران ئەنجام دەدرا. هێرش و تاڵانی "یۆمووتەکان" پتر لە کاتی نەبوونی ئیلخانی بۆجنوورد روویان داوە. جارێک لە هاوینی ١٨٩١ کاتێک ئیلخان لە شار نابێ، دەستەیەکی مەزن لە چەتە یۆمووتەکان هێرش دەکەنە سەر قەڵای "مەغنێ"[9] و بەشێک لە دانیشتوانی دەکووژن و پاش تاڵانکاری بەرەو بیابانەکان ون دەبن[10]. بەڵام کوردەکانیش بێ بەریی نەبوون لە دزینی مەڕ و ماڵاتی تورکمەنەکان. تەنانەت خزمە نزیکەکانی ئیلخانیش بەم کارە هەڵدەستان[11].

سنوور پڕینەکانی تورکمەنەکان و کوردەکان کۆسپی خستبووە سەر پێکهێنانی پەیوەندی نوێنەرانی سیاسی و سەربازی رووسیا لەگەڵ "یار محەمەد خان[12]، ئیلخانی بۆجنوورد.

چ لە ساڵی ١٨٧٣ و لە کاتی بەڕێوەچوونی هێرشە سەربازییەکانی رووسیا لە دژی تورکمەنەکان بە ناوی

---

[9] мегнэ (مەغنێ یان مەگنێ) ؟ -. وەرگێر.

[10] ئارشیڤی سیاسەتی دەرەوەی ئیمپراتوریای رووسیا، فۆندی ١٩٤، دەفتەری ٥٢٨a ، دۆسیەی ١٥٩٢، لاپەڕەی ١٠. -. نووسەر.

[11] هەمان سەرچاوە، فۆندی ١٤٧، دەفتەری ٤٨٥، دۆسیەی ٣١١١، لاپەڕەی ١٢٩. - . نووسەر.

[12] "یار محەمەدخانی شادلو" یان "یار محەمەدخانی سەهام ئەلدەوولە" بە نازناوی "سەردار مۆفەخەم" (١٨٢٧-١٩٠٣) لە سەردەمی ناسرئەدین شای قاجار، حاکمی ناوچەکانی باکووری خۆراسان بە ناوەندیی بۆجنوورد بووە. ویکیپێدیا. -. وەرگێر.

"شەڕەکانی گۆکتەپە"[13] و چ لە کاتی بەڕێوەچوونی ئاشتی لە ناوچەکانی ئەپەڕی خەزەر بە فەرماندەیی ژنڕاڵ ڕێربیرگ و ئا. ف. کۆمارۆف، حاکمی بۆجنوورد بە راشکاویی لایەنگر و دۆستی رووسیا بوو. یار محەمەد خان لە کاتی حکوومەتیدا سەردانی رووسیای کردبوو. لە ساڵی ١٨٩٤شدا میوانی ڕێورەسمی تاج لەسەرنانی ئیمپراتوری رووسیا[14] دەبێ.

لە ساڵی ١٨٩٦، سولێمان خان، کوڕی یار محەمەدخان سەردانی رووسیا دەکات. سەرەتا داوا لە باوکی دەکات تا ڕێگای پێ بدات بۆ چارەسەریی پزیشکی سەردانی "عیشق ئاباد" بکات، یار محەمەدخان رزامەندی دەردەبڕێ و پارەی پێویستی پێ دەدات و نامەیەکیش سەبارەت بە کوڕەکەی بۆ بەڕێوەبەری ناوچەکانی ئەوپەڕی خەزەر لە "عیشق ئاباد" دەنووسێ. سولێمان خان بە سەلامەتی دەگاتە "عیشق ئاباد" و بەڕێوەبەری ناوچەش بە دڵفراوانی پێشوازی لێ دەکات. سولێمان خان لەوێ گیر نابێت و بەپێچەوانەی ویستی باوکی بەرەو قافقاز و مۆسکۆ و پێتربوورگ سەفەر دەکات و پاشان دەگەڕێتەوە شاری

---

[13] شەڕەکانی گۆکتەپە، بریتی بوون لە هێرەشە سەربازییەکانی رووسیا لە ساڵانی ١٨٨٠ تا ١٨٨١ بۆ سەرکوتکردنی یاخییە تورکمەنەکانی هۆزی "تەکین". ویکیپێدیا. -. وەرگێڕ.

[14] رۆژی ١ی نۆڤەمبەری ١٨٩٤، ١,٥ کاتژمێر پاش مردنی ئەلیکساندری سێەم. کوڕەکەی، نیکۆلای دووەم تاجی تزاری رووسیای لەسەر نا. ویکیپێدیا. -. وەرگێڕ.

"مەشـهەد". لێرەدا لە تاران دەنگۆی سـەفەری سـولێمان خان بەمەبەسـتێکی نهێنی بۆ پایتەختەکانی رووسـیا بڵاو دەبێتەوە. سـلێمان خان لە مەشـهەد و لە بەرامبەر حاکمی ئەو شـارەدا راپۆرتی سـەفەرەکی خۆی ئاشـکرا دەکات و هێوادار دەبێ پۆسـتی جێگری ئیلخان وەربگرێ. بەڵام ئەوە روونادات و تاکوو لێبوردنی باوکی لە مەشـهەد دەمێنێتەوە و تەنها پاش رزامەندی باوکی، دەگەڕێتەوە بۆجنوورد.

لە راپۆرتی سـەر کۆنسـولی رووسـیا لە مەشـهەد هاتووە کە یار محەمەدخان "بە هەر شـێوەیەک کە لەدەسـتی هاتبێ، نەتەنیا لە بەرامبەر پڕیارەکان، بەڵکوو لە دژی فەرمانە فەڕمییەکانی شـا و وەزیرەکانی هەمیشـە راوەسـتاوە و هەوڵی داوە تا هەموو چاوەڕوانییەکانی ئێمە جێبەجێ بکات و تەنها بیر لەوە دەکاتەوە چۆن باوەڕی ئێمە بۆ لای خۆی راکێشـی و پشـتیوانی ئێمە بۆ کردەوەکانی بەدەسـت بێنێ"[15].

هەڵکەوتەی جوگرافی بۆجنوورد و هاتووچوو و کۆچی هۆزە تورکمەنەکانی گۆکڵان تا نزیک سـنوورەکانی رووسـیا لە کەنارەکانی رووباری "ئەتڕەک"، دەسـەڵاتدارە سـیاسـی و سـەربازییەکانی رووسـیا ناچار دەکات تا گرینگی بە

[15] ئارشیڤی سیاسـەتی دەرەوەی ئیمپراتوریای رووسـیا، فۆندی ١٤٧، دەفتەری ٤٨٥، دۆسـیەی ٣١١٧، لاپەڕەی **ob**٧٣. -. نووسـەر.

دۆستایەتی لەگەڵ هاوسێکانی بدات و چاوێکیشان لە خانی کورد بێت کە بەردەوام لەسەر سنوورەکان لەبەرامبەر تاڵانکاری تاقمە چەتەکانی هۆزگەلی گۆکڵان و یۆمووت بەربەرەکانی دەکرد.

یار محەمەدخان گەلێک هێمای لایەنگریکردن و دۆستایەتی بۆ نوێنەر و دیپڵۆماتکارە رووسییەکان لەخۆ پێشانداوە. کاتێک سەر کۆنسولی رووسیا سەردانی بۆجنوورد دەکات، ئیلخان نوێنەرانی تایبەتی خۆی بۆ پێشوازی ناردووە و لە تەواوی گوندەکانی سەر رێگای بەرەو بۆجنوورد ریشسپیان و کۆخاکان بەپیرەوەی چوون. لەکاتی دیداریشدا لەگەڵ ئیلخان لە کۆشکی خاندا، هەر دوو کوڕی خان ئامادە بوون[16].

ئیلخان پەیوەندییە بازرگانییەکانی لەگەڵ ناوچە سەر سنووریەکانی رووسیا لەوپەڕی خەزەر، پەرە پێ دەدا. بازرگانە رووسەکان بەتایبەت بەرهەمی زیادەی گەنم و جۆی خان‌نشینی بجنوردیان بۆ هێزە سەربازییەکانی رووسیا لەوپەڕی خەزەر دەکڕی. ئەو پێوەندییە بازرگانییەش لە بەرژەوەندیی هەردوولادا بوو.

---

[16] هەمان سەرچاوە و فۆند و دەفتەر، دۆسیەی ٦٥٨، لاپەڕەکانی ٧١ و ٧٣. -. نووسەر.

بازرگانە رووسەکان بۆ کڕینی کەلوپەلەکانی بۆجنوورد بۆ ماوەی کورت سەردانی ئەو شارەیان دەکرد. بۆ نمونە، لە وەرزی پێگەیشتنی کشمیش، بازرگانە ئەرمەنەکان لە عیشق ئابادەوە بۆ دوو تا سێ هەفتە دەهاتنە بۆجنوورد و کەلوپەلەکانیان دەکری و دەگەڕانەوە. لە بۆجنووردەوە بۆ رووسیا کەلوپەلی بچووکی پیشەسازی، گەنم و جۆ، برینج، مەڕ و ماڵات و رەشە وڵاخ، بەرهەمە شیرەمەنییەکان (پەنیر و رۆن)، میوەی ویشک و هەروەها لباد، لۆکە، کەوڵی رێوی هەناردە دەکران. گەلێک کاڵای رووسی لە شاری قووچانەوە کە یەکێک لە بنکەکانی تۆری هاتوچووی کاڵای رووسی بۆ ناوچەکانی نێوەند و رۆژاوای خۆراسان بوو، دەگەیشتە بۆجنووردیش[17].

پەیوەندییە دۆستانەکانی یار محەمەدخان لەگەڵ بەڕێوەبەرانی ناوچەی ئەوپەڕی خەزر، خانی دڵگەرم دەکرد لە ململانییەکانی لەگەڵ نەیارانی لە خانشینەکەیدا کە پێیان وابوو شایستەی ئیدارەکردنی خانشین نییە. گەلێکجار پێکدادان لە نێوان لایەنگرانی خان و نەیارانی کە داوایان لە شا دەکرد تا حاکمێکی نوێ دابنێ، رووی داوە. بەڵام یار محەمەدخان بە مانۆڕی زیرەکانەی خۆی لە نێوان

[17] هەمان سەرچاوە، فۆندی ١٩٤، دەفتەری ٥٢٨**b**، دۆسیەی ١٨، لاپەڕەی ٦٥. -. نووسەر.

دەسەڵاتدارانی رووس لەوپەڕی خەزەر و دەرباری شا، و لەنێوان هەموو ئەو داروودەستانەی چاویان لە پۆستەکەی بوو و هەروەها خزمە پیلانگێرەکانی، توانی تا ساڵی ۱۹۰۳، نزیک بە ۳۰ ساڵ حکوومەت بکات. ریشسپیانی ماڵباتەکانی هۆزی شادلو کە لە حکوومەتی یار محەمەدخان ناڕازی بوون، پەنا بۆ دەسەڵاتدارانی ئەوپەڕی خەزەر دەبەن و لەدەستی ستمکاری و سەرەڕۆیی خان، روو لە عیشق ئاباد دەکەن و داوایان لێدەکەن تا رێگا بدرێن لەگەڵ خزم و کەسوکاریان (٥ هەزار ماڵبات) لەسەر خاکی رووسیا بژین[18].

یار محەمەدخان ئەگەرچی بەپێی سروشتی خۆی نموونەی دیکتاتورێکی رۆژهەڵاتی بوو، بەڵام دوو جار سەردانی پێتربورگ و چەندین جار عیشق ئاباد، نێوەندی ناوچەی ئەوپەڕی خەزەر دەکات. خان حەزێکی فرەی لە ژیانی ئورووپی هەبوو و لە ساڵی ۱۹۰۲دا سەردانێکی وڵاتانی ئۆرووپیش دەکات. یار محەمەدخان ئەو سەفەرەی بەناوی زیارەتی مەککە دەسپێدەکات، بەڵام لە راستیدا روو لە وڵاتانی رۆژاوا دەکات تا خۆشگوزرانییەکانی شارەکانی ئۆرووپا و رووسیە لە نزیکەوە ببینێ.

---

[18] هەمان سەرچاوە، فۆندی ١٤٧، دەفتەری ٤٨٥، دۆسیەی ٣١١٤، لاپەڕەی ٣٤٧. - . نووسەر.

خانی بۆجنوورد تەنانەت داوای لە دەسەڵاتدارانی ئەوپەڕی خەزەر کردبوو تا خانشینەکەی بخاتە ژێر سەرپەرەشتی ئیمپراتووریای رووسیا، چونکوو بەپێی لێکدانەوەی ئەو، ئەمە دەبووە یارمەتیدەری سەقامگیریی سیاسی و ئابووری ئەو ناوچەیە و هەروەها پێگەی خۆدی خانیش پێ بەرز دەبۆوە، بەتایبەت کە نمونەی هاوشێوەش هەبوو. میرنشینی "بۆخارا"[19] و خانشینەکانی "خۆقەند"[20] و "خێوە"[21] لەژێر سەرپەرەشتی رووسیا بوون و حاکمانیان راستەوخۆ ئەفسەرانی پایە بەرزی سۆپای رووسیا بوون. جێگری میری بۆخارا ببووە سەرهەنگی سۆپای رووسیا و خەڵاتی پاشایەتی "Flügeladjudant" (یاریدەری سۆپاسالار)ی پێ بەخشرابوو و پێیان دەگۆت "جەنابی پایەبەرز"[22]. ئەوە یەکێک لە شێوازەکانی راکێشانی میرنشینی بۆخارا و هەروەها هەموو نۆخبەکانی ئەو میرنشینە بۆ نێو سیستەمی سەقامگرتووی ئیمپراتوریای

---

[19] میرنشێنێکی ئووزبەک لە ساڵانی ١٧٨٥ تا ١٩٢٠ لەسەر بەشێک لە خاکی دەوڵەتە هەنووکەییەکانی ئووزبەکستان، تاجیکستان و تورکمەنستان. ویکیپێدیا. -. وەرگێر.

[20] خانشێنێکی ئووزبەک لە ساڵانی ١٧٠٩ تا ١٨٧٦ لەسەر بەشێک لە خاکی دەوڵەتە هەنووکەییەکانی ئووزبەکستان، تاجیکستان، قرقیزستان و باشووری قەزاقستان. ویکیپێدیا. -. وەرگێر.

[21] خانشینی خێوە یان خوارەزم، لە ساڵانی ١٥١٢ تا ١٩٢٠ لەسەر بەشێک لە خاکی دەوڵەتە هەنووکەییەکانی قەزاقستان و تورکمەنستان و "خێوە" پایتەختی بوو. ویکیپێدیا. -. وەرگێر.

[22] Your Highness

رووسیا بوو. بەڵام ئیمپراتوری رووسیا هەڵسوکەوتێکی سیاسی هاوشێوەی لەگەڵ خانnشینی کورد لە خۆراسان نەکرد.

دیپلۆماتە رووسەکان زۆر بە پارێزەوە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ یار محەمەدخان دەکرد، کۆنسولی رووسیا لە مەشهەد لەم بارەوە دەڵێ تا نەبینە هۆی پێکهاتنی: "ئۆمێد و هیوایەکی نەگونجاو کە ئەنجامدانی بۆ ئێمە خوازراو نییە"[23] (مەبەستی کەوتنە ژێر سەرپەرەشتی رووسیایە).

خاننشینی قووچان بە نێوەندیی شاری قووچان، رۆڵێکی گرینگ لە مێژووی پەیوەندییە سەرسنوورییەکانی ئێران و رووسیا گێڕاوە.

قووچان نمونەیەکی نەریتی بووە لە شارێکی خۆراسانی ئێران و بریتی بووە لە بورجێک لەسەر تەپەیەک و ئەوەش مانای ئەوە دەدات کە لەسەرەتا قەڵا و شوورایەکی سەربازیی بووە و پاشان بۆتە نێوەندێکی کشتوکاڵی.

ئەو شارە تا کۆتایی سەدەی ١٩ هەر لە شوێنی خۆی مابۆوە و بارەگای ئیلخان لە قەڵایەکدا بووە و شوورایەکی بەرزی بەدەورەوە بووە. بەڵام لە ساڵانی ١٨٩٣ تا ١٨٩٥ چەند بۆمەلەرزەیەک ئەو شارەی بەتەوایی وێران دەکات.

---

[23] ئارشیڤی سیاسەتی دەرەوەی ئیمپراتوریای رووسیا، فۆندی ١٤٧، دەفتەری ٤٨٥، دۆسیەی ٣١١٦، لاپەڕەی ١٣**ob**. -. نووسەر.

بۆیە پاشان شێوازی نەریتی خانووبەرەی قوڕ  بە میچی ئاسۆیی، دەگۆڕدرێ و ئیتر دەبێتە "چاڵێکی بێ دیوار بە میچی شیروانی و قوڕەبان کە تا ئاستی زەوی دێتەخوار"[24].

پاشان حکوومەتی نێوەندی رێگا بە ئیلخانی قووچان دەدات تا سەر لەنوێ لە شوێنی گوندی "خۆی-خۆی"، شار ئاوەدان بکاتەوە و ناویان لێنا "ناسر"[25]. لە سەرەتای سەدەی ٢٠م، شاری تازەی قووچان کە دەکەوێتە ٦٠ کیلومەتریی سنووری ناوچەکانی ئەوپەڕی خەزەری رووسیا، لە پلەی یەکەم نێوەندی بازرگانی دەڵالی و پیشە دەستییەکان بووە و گەلێک بازاڕگەی هەبۆوە و بەهۆی سنووری هاوبەشی نێوانیاندا، پەیوەندییەکانی کورد-رووس هێندێک پرسگەلی بازرگانی، سیاسی، کۆچبەریی، ئاو و ئاودێری و دیکەش لەخۆ دەگرت.

---

[24] چارلز ماکگریگۆر، خۆراسان. گەشتی باکووری رۆژهەڵاتی پارس. بەرگی ٢، چاپی ١٨٨٦ کیەڤ، ل. ٥٤. -. نووسەر.
[Charles MacGregor ئەفسەری سۆپای بریتانیا لە هیندوستان (١٨٤٠-١٨٨٧).-. وەرگێڕ].

[25] محەمەد ناسر خانی شۆجاع ئەلدەولە، ئیلخانی قووچان بوو. لەسەرەتای دووبارە سازکردنی ئەو شارە، خەڵک بۆ رێزگرتن لە ئیلخان بە "قووچانی ناسری" ناویان دەبرد، بەڵام پاشان دیسان بوو بە قووچان. سەرچاوە: http://geopezeshki.blogfa.com/9011.aspx -. وەرگێڕ.

## شوێنی قووچان لە پەیوەندییە بازرگانییەکانی ئێران و رووسیا

شاری قووچانی تازەساز کە زۆربەی دانیشتووانی کورد بوون، دەبێتە نێوەندی ئابووری، ئیداریی و کولتووری خان‌نشینی قووچان. ئەو شارە لە کاتی ئامازەپێکراودا کەوتبوو نێوان گەلێک گوند و ئاوایی کە دابینکەرانی دارایی و پێداویستییەکانی ژیانی ئەو شارە بوون. قووچان لە سیستەمی سەقامگرتوو و نێوەندگەرای دابەشکردنی ناوچەکانی ئێران، دیسان پایتەختی خان‌نشینی قووچان رادەگری. ئەو شارە بەهۆی هەڵکەوتنی لە سەر رێگای کاروانەکانی زیارەتکارانی ئاسیای نێوەندیی بۆ مەزاری ئیمام رزا لە مەشهەد، بەشێوەیەکی بەردەوام و بەرچاو دانیشتووانی رووی لە زیادبوون دەکات. وردەوردە سازکردنی رێگای ئەڕابەڕەو پەرە دەستێنێ و هەر ئەوەش رۆڵێکی مەزن دەگێڕێ لە گەشەی بازرگانی قووچان لەگەڵ خان‌نشینەکانی سەرسنووری ناوچەکانی ئەوپەڕی خەزەری رووسیا.

قووچان لە بازرگانی نێوان ئێران و رووسیادا شوێنێکی گەلێک گرینگ پەیدا دەکات. بازرگانە رووس و ئێرانییەکان، شاری قووچان دەکەن بە نێوەندی راگواستنی کاڵاکانیان بۆ

رووسیا و هەروەها بۆ شارە ئورووپییەکانی ئەو وڵاتە لە ڕۆژاوا. شار پڕ دەبێ لە ئەنباری مەزن. ژمارەی دانیشتووانی قووچان دەگاتە ٢٠ هەزار کەس و دەبێتە نێوەندێکی گەورەی بازرگانی.

لە ڕاپۆرتی دیپلۆماتە رووسەکاندا هاتووە: "قووچان هاتوچوویەکی گەلێک مەزنی لەسەرە، رۆژانە کاروانەکانی وشتر و ئێستر و ئەڕابە لە هاتوچوو دان بۆ رووسیا". سەرەڕای ئەوەش، قووچان وەک نێوەندی ئیداریی خانشینی قووچان دەبێتە "کانگای کۆبوونەوە و بەیەک گەیشتنی خانەکانی ناوچەکە و بەگشتی هەموو دانیشتووانی ناوچەکە، بۆ جێبەجێ کردنی کاروبارە ئیدارییەکانیان"[26].

قووچان دەبێتە خاڵی گرینگ و دەسپێکی رێگای بازرگانی نێوان ئێران و رووسیا. دیپلۆماتێکی رووس دەڵێ: "... لێرەوە کاڵاکانی ئێمە رەوانەی مەشهەد، نەیشابوور، سەبزوار، شیروان و بۆجنوورد دەکرێن"[27].

بازرگانە ئەرمەنەکانی سەر بە رووسیا لە وەرزی خۆیدا لە بواری کرینی کشمیش و میوەی ویشکیدا چالاک بوون. وردە

---

[26] ئارشیڤی سیاسەتی دەرەوەی ئیمپراتوریای رووسیا، فۆندی ١٩٤، دەفتەری ٥٢٨**b**، دۆسیەی ٥٢، لاپەڕەی ٢٢. -. نووسەر.

[27] هەمان سەرچاوە و فۆند، دەفتەری ٥٢٨a، دۆسیەی ١٨، لاپەڕەی ٦ و ٧. -. نووسەر.

وردە بازرگانە ئێرانیەکان جێگا بە بازرگانە ئەرمەن و رووسەکانی دیکە تەنگ دەکەن، بەشێوەیەک ئیتر لە ساڵی ١٩٠٣ەوە ئیتر ئەوان هاتووچووی مۆسکۆ و بازاڕەکانی خوارووی ئەو شارە و تەنانەت شارەکانی ئورووپی رووسیا دەکەن.

نۆخبەکان و لەپێش هەموویان، سەرۆکی خان‌نشینی قووچان (ئیلخان) و خزم و کەسوکارانی دەست بەسەر سەرچاوە سەرەکییەکانی داهاتی خان‌نشینی قووچان لە بواری کشتوکاڵدا دەگرن. ئاوی رووبار و کانیاوەکانی کوێستانەکانیش دەخەنە ژێر کۆنتڕۆڵی خۆیان بەشێوەیەک کە دەیانتوانی پێش بە ئاودێری مەزراکانی جوتیاراندا بگرن. هەروەها خاوەن هەموو ئاژەلە بارهەڵگرەکان بوون کە بێ ئەوانەش جوتیارەکان نەیاندەتوانی کشتوکاڵ بکەن. بەکورتی، گوزەرانی ژیان، راستەوخۆ بە ئیلخان و خانەکان گرێ دەدرێ.

سیستەمی ئاودێری کە بۆ کشتوکاڵ گەلێک گرینگ بوو، دەکەوێتە ژێر کونتڕۆڵی شار. بەڵام بەهۆیەکی دیکە، واتە خاوەنداربوونی زەویە کشتوکاڵییەکان لە لایەن کەسانێکی لە شار دەژیان، سەربەخۆیی ئابووری جوتیارانی بەشێوەیەکی بەرچاو سنووردار دەکرێ. بازرگانەکان و خاوەن

کارگەکانی قووچان هەم پێداویستییە سەرەکییەکانی گوندنشینیان و هەم فرۆشتنی بەرهەمەکانیان دەخەنە ژێر رەکێفی خۆیان. هەمدیسان شارنشینەکان، واتە خان و ماڵبات و هۆزەکەی خاوەنی مێگەلە مەزنەکانی مەڕ و ماڵاتیش بوون. لە راستیدا شار گوندەکانی دەوروبەری خۆی هەڵدەلووشی. گوندەکان هەم دابینکەری کاڵا خواردەمەنییەکانی دانیشتووانی قووچان و کەرەسە سەرەتاییەکانی کارگەکانی شار بوون و هەم هێندێک کەلوپەلی پێویستیی وەک چا و خوێ و تەواوی کاڵا پیشەسازییەکانی هاوردە لە دەرەوەی وڵات و یان ناوچەکانی دیکەی ئێرانیان دابین دەکرد.

هەروەها لە قووچان، بازاڕی نێوخۆییش پەرە دەستێنێ. لە بازاڕەکانی قووچاندا نان، میوەی ویشک، خوری، چەرم، کەوڵی مەڕ و رێوی، لباد، قاڵی و ئاژەڵی بچووک و گەورە دەفرۆشران. هەم جوتیاران و هەم دەستفرۆشەکان لە کاری فرۆشتنی لۆکەدا بوون. کۆچەرەکان خۆیان کاڵا و کەلوپەلەکانیان دەهێنا بۆ شار، بەڵام هاوینان کاتێک مەڕ و

ماڵاتیان دەبردە کوێستانەکان، دەڵاڵەکان کەلوپەلەکانیان بۆ دەفرۆشتن[28].

هەموو ئەوانە رەوتی پێکهاتنی دەڵاڵی هەمە چەشنە لە قووچان پێشاندەدات، واتە بناخەیەک دادەمەزێ کە پەیوەندیی نێوان خاوەن زەوی و جوتیار، گەورە بازرگانانی لەنگەیی[29] و وەستاکارانی کارە دەستییەکان و هەروەها نێوان بەهەمهێنەرانی کاڵا سەرەتاییەکان لە گوندەکان و بەکارهێنەران لە شارەکان، دابین دەکات. پیشەی دەڵاڵی سوودێکی باشی لێ پەیدا دەبێ.

لە کەنار بازرگانی کارا، هەروەها پیشەسازی کارە دەستییەکان لە شار پەرە دەستێنێ. لە خانشینی قووچان بەرهەمهێنانی لباد، قاڵی و گۆرەوی خوری و پارچەی تەنکی ئاوریشم، برەوی هەبۆوە. هەروەها بەشێوەیەکی سەرەکی بەکارهێنانی لۆکە بۆ بەرهەمهێنانی تاڵ، بەن، پارچەی هەمەجور (وەک جاو)، پەتوو، مەلافە باو بۆوە. جلکی دانیشتووانی ناوچەکە لە لۆکە بوون. لەو ناوچەیە هیچ کارخانەیەک نەبووە و هەموو ئەمانە بەرهەمی کاری دەست بوون.

---

[28] کۆمەڵە بابەتەکانی سەبارەت بە ئاسیا، بەرگی ٥٦، ساڵی ١٨٩٤، ل. ١٣٧-١٣٨، ١٧٣ -. نووسەر.

[29] Wolesale

له قووچان کاری ئاسنگەری و چەکسازییش برەوی هەبۆوە و لە کارگەکاندا چەکی لوولە درێژی خاندار و شەمشیری چەماوە ساز دەکران.

دانیشتووانی ئەو ناوچەیە قاپ و قاچاخی ماڵیان لە قوڕ و مس ساز کردووە، گوڵدان و تونگی ئاو لە بەردی رەش و هەروەها کار لەسەر چێو، مۆرسازیی و چنینی ئاوریشم رەواجی هەبووە.

سەرەڕای پێشکەوتنی بەرهەمە دەستییەکان، بەڵام بناخەی بەرهەمهێنانی شار لە چوارچێوەی مزگەڤتی هەینی، قەڵا و بازاڕدا بەشێوەی نەریتی مابووەوە. لە کۆڵانی بازرگانی شاردا کە کەوتبووە نێوان مزگەڤتی هەینی و قەڵا، بیناکانی مزگەڤتی بازاڕ، کاروانسەرا، گەرماوە، کارگەکان، دوکانی دەستفرۆش و بازرگانەکان هەڵکەوتبوون. هەر گەڕەکێکی شار ناوێکی تایبەتی لێنراوە و شوڕای ریش‌سپییان بەڕێوەبردنی کاروباری شاریان لە ئەستۆ بووە (کوردەکانی شار لە هۆزی زەعفەرانلو و شیعە بوون). بەڵام بەڕێوەبردنی کاروبارە سەرکییەکانی سەربازی، دادوەری و شارەوانی تەنیا لەژێر دەست ئیلخان بووە. دانیشتووان، تەنانەت بۆ کێشەکانی ماڵباتی و ئایینییش روویان لە پیاوانی ئایینی نەکردووە، بەڵکوو ئەوە ئیلخان بوو کە

"دەسەڵاتەکەی هیچ سنوور و چوارچێوەیەکی نەدەناسی و دەسەڵاتی سەرەکی لە خۆراسان (ئەگەرچی هەر بەناو) بۆخۆی قۆرخ کردبوو. بەڵام بە پشتگەرمی هۆزەکەی کە هەمیشە ئامادە بوون پشتگیریی ئیلخانی خۆیان بکەن، دەیتوانی سەربەخۆیی خۆی رابگرێ و لە رێگای دارایی و سامانەکەی هەر کەسێک بکڕێ و لەبەرامبەر دەرباری پاشادا پێگەی خۆی سەقامگیر بکات. بەڵام ئەو مەزنایەتییەی کە ئیلخان بۆخۆی سازکردبوو، رێگر نەبوو لە داڕشتنی پەیوەندییەکی دۆستانە چ لەگەڵ حاکمی خۆراسان و چ لەگەڵ دەرباری پاشا"[30].

بەهۆی هەوڵی بازرگان و سەربازانی رووس (لە ناوچەی ئەوپەڕی خەزەر) و هەروەها بازرگان و دیپلۆماتەکانی بریتانی، هێندێک گۆڕانکاری لە قووچان دەستپێدەکات. بۆ نموونە بریتانییەکان کۆنتڕۆڵی کەرسەی سەرەکی پەیوەندییەکان لەدەست خۆیان دەگرن و نرخی زیادە لەسەر ئەو تێلەگڕافانە دا دەنێن کە لە مەشهەد بۆ پایتەخت رەوانە دەکران[31].

---

[30] ئارشیڤی سیاسەتی دەرەوەی ئیمپراتوریای رووسیا، فۆندی ١٤٧، دەفتەری ٤٨٥، دۆسیەی ٣٠٦٤، لاپەڕەی ١٢٠. -. نووسەر.

[31] هەمان سەرچاوە و فۆند، دەفتەری ٤٨٥، دۆسیەی ٦٥٨، لاپەڕەی **٤٥٥b**. -. نووسەر

کەوابوو، پەیدابوون شارە کوردییەکان لە خۆراسانی ئێراندا پەیوەندی بە پرۆسەی یەکجێنشینی کۆچەرانەوە و ئەرکیان بۆ بەرگریکردن لە قەڵاکانەوە هەبۆوە. کوردەکان ئێتنۆسێکی سەرهەڵداو لە شار نەبوون، بەڵکوو پێ بەپێی گەشەکردنی بازرگانی و بەرهەمهێنان، بازرگان و پیشەوەرانی کورد وردە وردە لە نێوەندی شارەکان جێگیر دەبن و لەگەڵ ئەوەشدا لە دەوروبەری شارەکاندا نۆخبەی کورد جێگیر دەبن. هەڵبەت نمونەی قووچان کە ئیلخان پاش بومەلەرزە، ئەو شارە لە شوێنی تازە دووبارە ئاوەدان دەکاتەوە، جیاوازی هەیە. لێرەدا ئەو نوێکارییەی کە کوردەکان لەگەڵ جێگیربوونیان لە شاردا لەگەڵ خۆیان دەیهێنن، بریتی بوون لە سونیگەرییەکی بناژۆخوازانە، دامەزراندنی مزگەفتی هەینی و هەروەها هەوڵدان بۆ ژیانی شارۆمەندی لەسەر بنەمای ئاکار و رەوشتی هاوبەش.

ئەو شارانەی لێکۆڵینەوەمان لەسەر کردن، تەنیا نێوەندێکی ئێداریی خانشینە کوردەکانی خۆراسان نەبوون، بەڵکوو نێوەندگەلێکی بازرگانیش بوون. بازرگانی تاکفرۆشیی[32] رۆڵێکی گرینگی لە شارە کوردییەکاندا هەبووە و لەگەڵ بنکەکانی پیشە دەستییەکان کە بەشێوەیەکی

[32] Retail

سەرەکی لە جەرگەی بازاڕدا جێگایان دەگرت، شێوازی سەرەکی ژیانی شارومەندانیان پێک دەهێنا. بازرگانەکان پردی سەرەکی نێوان بەرهەمهێنەران و بەکارهێنەرانیان پێکهێنابوو. لە کەنار ئەمانەدا، قووچان هەروەها ناوەندی سەرەکی و زۆر گرینگی بازرگانیی لەنگەیی ئێران و رووسیا بوو، ئەگەرچی کوردەکان رۆڵێکی بەرچاویان تێدا نەدەگێڕا.

وەستاکارانی کورد بەشێوەیەکی سەرەکی لە نێو بازاڕ و لە جەرگەی شاردا کۆببوونەوە و بەرهەمەکانیان نەتەنیا داواکارییە نێوخۆییەکانی دابین دەکرد، بەڵکوو بۆ بازاڕەکانی دەرەوە لە ناوچەکانی ئەوپەڕی خەزەری رووسیاش هەناردە دەکران. بەڵام پەیوەندییە سیاسییە بازرگانییەکانی خانەنشینەکانی کورد لەگەڵ ناوچەکانی ئەوپەڕی خەزەر کاردانەوەی هاوشێوەیان لەسەر پەیوەندییەکانی دەسەڵاتدارانی ئەو خانەنشینانە لەگەڵ رووسیا نەبوو، بەشێوەیەک کە ئەگەر ئیلخانی بۆجنوورد و جێگرانی بە ئاشکرا بە رووسیا پشتگەرم بوون و هێوای یەکگرتنەوەی خانەنشینەکەیان لەگەڵ رووسیا نەدەشاردەوە، بەڵام بەپێچەوانە، ئیلخانی قووچان لەم بارەوە بەپارێزەوە هەڵسوکەوتی دەکرد و هێندێکجاریش دوژمنایەتی خۆی بەرامبەر بە دەسەڵاتدارانی رووسیا نەدەشاردەوە.

بەگشتی، لە کۆتایی سەدەی ١٩ و سەرەتای سەدەی ٢٠دا، شارە کوردییەکانی خۆراسان بریتی بوون لە نمونەیەک لە شارنشینی نەریتی کە چ لە بەرهەمهێنان و چ لە ستروکتووری کۆمەڵایەتی و بەها هزری و کولتوورییەکانی کۆمەڵگاکەیدا رەگ و ریشەگەلێکی کۆنەپەرەستانەی تێدا داسەپا بوو. سەرەڕای گرینگییەکی کە پایتەختەکانی خان‌نشینانی کورد لە باری کۆمەڵایەتی هەیانبوو، مخابن لەرووی بازرگانی، پیشە دەستییەکان، سەربازی و ستراتژیک، و ئایینییەوە هەر وەک نێوەندگەلێکی پەراوێزخراو مابوونەوە بە کۆشکی خانەکانیشەوە کە بەگزادە کوردەکان تێیدا دەژیان.